www.kurdistannet.org
21-7-2006 9:54 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## رۆژنامەنووس وعەسکەر نووس .... رزگار کۆچەر

Rzgar77@hotmail. com

نازانم سەندیکای رۆژنامەنوسان کاری جیه؟؟؟؟؟



کەی رۆژنامە نوس و عەسکەرەکانی بە ناو رۆژنامە نوس لە یەک جیا دەکاتەوە کەی راپۆرت نوسەکانی دەسەلات ودەست وقەلەمە شکاوەکانی درۆ و بوختان لە یەک جیا دەکاتەوە...

ئاخر پێم نالێن کە رۆژنامە نوس چاوی لە رۆژنامە نوسێکی تر سور کردوە و هەولی نان برینی دا ئەوا کەی رۆژنامە نوسە؟؟؟

ئەو کەی ئەمانەتی پیشە و هەولی جاکسازی کۆمەلگاو بونیاد نانی کۆمەلی مەدەنی و دیمکراسی و هەموو وشە بریقە دارەکان دەکا؟؟

ئەی ئەو رۆژنامەنوسانەی بە دەست هەلگرتنی دیکتاتۆرەکان خەندە لە دەمتان دەبێتە گول و وشە لەلاتان دەبێتە فیشەک دەسەیرێکی باگراوندی سەرانتان کەن بزانن لە تف و نەعلەت جیان بۆ جێما.... !!!

کەیفی جیتان بە خۆ دی پێتان ویا ئێوە داستانێکتان بۆ گەلێک دروست کردوە تائیستا نیوە زیاتری نەخوێندەوارە!!!

پێم نالێن جیتان کردوە بۆ ئەوا لموزتان بلندە... بۆ خەلک بە هیج دانانین؟؟؟ ئێوە جین کەیفی جیتان بۆ خۆ دێت.... . ئێوە جین تا چاو لە رۆژنامە نوسان سور کەنەوە.... ئەی بۆ لەسەر شاشەو لاپەری رۆژنامە روو زەردەکان خۆتان لە خەلک دەکەن بە فریادرەس و وانیشان دەدەن ئێوە مامۆستای رۆژنامە نوسان؟؟؟

بۆ خۆتان دەکەن بە پەپولە و خەلک ئەژدیها!!!

کەیفی جیتان بە خۆ دەی بە دەست بلند کردن وجاو سورکردنەوە قسەی گەورە.... یان بە پێشبینیە سەقەتەکانتان... یان بە دزی نوسن و پیش بینی رۆژنامە کان.... . یان بە شهادەی زانکۆ کە هەندێکتان تا ئێستاش لە هەولی وەدەست هێنانی شەهادەیەکی شێخەلاو دارە سوتاوەکەن تا قانونی وسیاسەت یان ئەدەب یان دەورن ناسی بەقۆپیە و واسیتەی دەزگاکانتان تەواو کەن!!!!!

ئاخر ئێوە بۆ خەلک بە هیج نازانن؟؟؟؟

ئێوە جین پێم نالین.... . کا ئیستوەرەکانتان؟؟؟

کا پێش هات وهەوالە گەرمەکانتان بۆ ئەوەندە لە خۆ باین!!!

ئێوە جین.... دەپێم بلێن بۆ ئەوەندە لە خۆ رازین کا لە کام سەنگەر لە کام روداو لە کام لافاوی خوێن بینران لەکام تۆز وبا یەخەی کراسە نارنجیەکەتان بە تۆز بوو دەپیمان بلێن لە کام ئاهەنگی سەروەری ولات بۆنی سمێلی تراشاوتان چاوی جاسوسە دوو فاقیەکەی پر خوێن کرد!!!!

ناهقتان ناگرم تا دوێنی تفنگی دەستی ئەم و ئەو بوون ئیمرۆ لە فەراخ.... لە نەبونی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو ئێوە سەرتان هەلدا.. دروست بوون.... . بەلام دلخۆش مەبن بناغەکەتان بۆشە وەک خۆتان!!!

لە هیج بون بە شت دلنیاش بن لە هیج دەبن بە هیج ئەی رۆژنامە نوسە عەسکەر تارەکان دلنیاشم ئاقل خۆی تی دەگا پێویست بەوە ناکا لەسەر مێزی سەرخۆش بوون و وەسل و وسولات و سەفقە لێدان.... ....

باسی خەلک بکەن چونکە خۆتان لە عەسکەری زیاتر هیج نازان دەکە چاوی زەمانە کوێر بی ئێوە لە حەریف حاشاتی زیاتر بە کەلک هیج نایەن!!!!!!!!!!!!!